بە ئامادەبوونی چەندین هونەرمەند و سیاستمەدار تەرمی هونەرمەند زاهیر عەبدولڵا بەخاکسپەردرا



بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە، بەئامادەبوونی چەندین هونەرمەند و سیاستمەدار، تەرمی هونەرمەند زاهیر عەبدولڵا بەخاکسپەردرا.

ئەمڕۆ یەکشەممە، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان و هونەرمەندان و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و هاوڕێیان و دۆست و کەسوکار و خانەوادەکەی، لە گۆڕستانی کەسنەزان لە شاری هەولێر، تەرمی هونەرمەند و ئێکتەری ناسراو و دیاری شاری هەولێر و کوردستانی بواری سینەما و دراما و شانۆی کوردی "زاهیر عەبدولڵا" بەخاکسپەردرا.

دوای توشبوونی هونەرمەند زاهیر عەبدولڵا بە نەخۆشیی شێرپەنجە، بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی و ئەنجامدانی نەشتەرگەریی لە مانگی شەشی ڕابردوو ڕۆیشتبوو بۆ وڵاتی تورکیا کرا، بەڵام لەم ماوەیەدا دووبارە بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە دڵی تەندروستیی ناوبراو تێکچوو و کۆتە دڵێکی خراپی تەندروستی و دوێنێش شەممە 23ـی تشرینی دووەمی 2024، بەهۆی سەختی نەخۆشیەکەیەوە، لە تەمەنی 66 ساڵیدا ماڵئاوایی یەکجاریی لە هەولێر و هونەر و ئازیزانی کرد.

شایەنی باسە، زاهیر عەبدولڵا ناوێکی دیاری هونەری و هونەرمەندێکی نیشتمانپەروەربوو و خزمەتێکی زۆری هونەری شانۆ و سینەمای کوردی کردووە و کەسایەتییەکی هونەریی دیاری شاری هەولێر و کوردستان

بوو، لە ساڵی 1958 لە گ...کی تێراوی شاری هەولێر لە دایکبووە و لە ساڵی 1972 بە یەکەمجار بەشداریی شانۆگەرییەکی کردووە بەناوی "ئەنجامی پووپەرستی"، دواتر بەشداریی دەیان شانۆگەری، دراما و فیلمی سینەمایی کردووە، ساڵی 2019 کتێبکی بیرەوەریی بەناوکردنەوە بەناوی "تێراوە هەربە پیاس" کە تیایدا باسی سەردەمی منداڵی خۆی دەکات تا ڕۆژی ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و لەم کتێبەدا هەوڵی داوە ڕاستی و شێوازی ژیانی خۆی بنووستەوە.

دوایی هەواڵی کەچی دوایی چەند بەرپرسکی هەرەمی کوردستان پەیامی سەرخۆشیان ئاڕاستەی خێزان و خۆشەویستانی ئەو هونەرمەندە کرد، لەوانە پارێزگاری هەولێر ئومێد خۆشناو، هەروەها سەرکی یەکێتیی بافڵ تاڵەبانی کە نووسی: "بە ئەم لەدەستدانە گەورەیە پرسە و هاوخەمیی قوونی خێزان ئاڕاستەی خێزان و کەسوکارە سەربەرزکەی دەکەم".